پارێزگاری کەرکووک ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک دوای سەرژمێری ئاشکرا دەکات

ئەبوار تەها، سەرۆکی حکومەتی خەجێی پارێزگای کەرکووک ئەژی پێنجشەممە ڕایگەیاند: "ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک بەپێی سەرژمێری گشتی دانیشتووان دەگاتە نزیکەی یەک ملیۆن و 900 هەزار کەس".

لە کۆنگرێیەکی ئەژناموانیدا کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 21ـی تشرینی دووەمی 2024 بەڕێوەچوو، ئەبوار تەها داوای لە خەڵکی کەرکووک کرد لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا کە ماوە تا کۆتایی سەرژمێری گشتی دانیشتووانی عێراق لە ماڵەکانیان بمێننەوە و گوتی: مانەوە لە ماڵەکانتان یارمەتیدەر دەبێت بە سەرکەوتنی سەرژمێری و بەرێنگاربوونەوەی پەوپاگەندەکان.

پارێزگاری کەرکووک وتیشی: "ئێم سەرژمێریە سوود بە بەرژەوەندیی ئابووری کەرکووک دەگەیەنێت لەڕێگەی زیادکردنی پشکی لە بودجەو دامەزراندن و دابینکردنی کارەبا لە سیستەمی تەڵی کارەبای نیشتمانی و هەموو ئەو بابەتانەی پێیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە".

ئەبوار تەها جەختی لەوەکردەوە کە سەرژمێری تاوەکو ئێستا لە پارێزگاکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەدەچێت، ئاماژەی بەوەشکرد: "پێشتر ژمارەی دانیشتووانی کەرکووک نزیکەی یەک ملیۆن و 350 هەزار کەس دەخەمێنرا، بەڵام ئێستا بەپێی سەرژمێری ئێستا سەرژمێری دەگاتە نزیکەی یەک ملیۆن و 900 هەزار

کس" .